رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی  بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

Aran Organization For Development Civil of Culture

راپۆرتی بنکۆڵ کاریی

# دەستوەردانی حیزبی لەکاروباری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان

ژمارە 3   ساڵی 2022

NED NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

for developing civil culture ARAN
اران لتنمية الثقافة المدنية

- کەرتی گشتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان
- داهێنانی سیستەمی سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت
- کلینکە پزیشکیە ئێوارەنەکان
- نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان
- نۆرینگە پزیشکیەکانی هەرێمی کوردستان
- بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان
- دروستکردنی دەرمان لە هەرێمی کوردستان

# دستوەردانی حیزبی لە کەرتی تەندروستی

## ڕاپۆرتی بنکۆڵ کاریی

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

2022

## پێشەکی:-

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی لە پێناو بەدەستخستنی زانیاری وردی ناو کۆمەڵگا لەبارەی ڕەوشی تەندروستی، هەروەها ئاشکرا کردنی هەوڵی قۆرغکردنی کەرتی تەندروستی لەلایەن بەرپرسانی دەستڕۆیشتوی حیزبو حکومەتەوە، هەستا بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵ کاریی، ئەم ڕاپۆرتە کاری کردوە بۆ نیشاندانی چۆنێتی لاوازکردنی کەرتی گشتی تەندروستی بە ئامانجی ئاراستەکردنی خەڵك بۆ کەرتی تایبەت، کە داهاتو قازانجەکەی زیاتر بۆ حیزبەکانو بەرپرسە باڵاکانی حیزبوحکومەت دەڕوات، ڕێکخراوی ئاران لەڕێگای تیمی سەرەکی سەرپەرشتیارو سێ تیمی مەیدانیو بە ستافێکی (12) کەسیەوە بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی لەماوەی (10) مانگو پازدە ڕۆژدا ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردوە، هۆکارەکانی گەڕانی مەیدانیو سەردانی تاکە کەسو بەکارهێنانی تۆرە جیاوازەکانی پەیوەندی گیراونەتە بەر بۆ دیمانەکردنی لایەنی مرۆیی پەیوەست بە ڕاپۆرتەکەوە.

# تەوەرەکانی را پۆرت

**یەکەم** / کەرتی تەندروستی گشتی لە هەرێمی کوردستان

**دووەم** / داهێنانی سیستەمی سیمی پرایڤد – نیمچە تایبەت

**سێیەم** / کلینکە پزیشکیە ئێوارەنەکان

**چوارەم** / نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان

**پێنجەم** / نۆرینگە پزیشکیەکانی هەرێمی کوردستان

**شەشەم** / بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان

**حەوتەم** / دروستکردنی دەرمان لە هەرێمی کوردستان

**هەشتەم** / هێڵی زانیاریە گشتیەکانی ناو راپۆرتەکە

**نۆیەم** / خاوەنداریێتی راپۆرتەکە بۆ رێکخراوی ئاران و چۆنێتی رێگەدان بە بەکارهێنانی.


# تەوەرەكانی ڕاپۆرت

## یەكەم / كەرتی تەندروستی گشتی:-

پێناسەیەكی كورتی نەخشەی تەندروستی گشتی لە هەرێمی كوردستان:-

1-بەپێی دواین ئامار لە هەرێمی كوردستاندا (128) نەخۆشخانەی حكومی هەن، ڕووبەری دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حكومیەكان بەمجۆرە و بەسەر پارێزگاكاندا دابەشبوون:-


| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | 55 |
| 2 | هەولێر | 48 |
| 3 | دهۆك | 22 |
| 4 | هەڵەبجە | 3 |
| | **كۆی گشتی** | 128 |




بەم پێ یە لە هەرێمی كوردستاندا نزیكی هەر (48,000) كەسێك یەك نەخۆشخانەی بەر دەكەوێت.

2- لەهەرێمی كوردستاندا (915) مەڵبەندو بنكەی تەندروستی هەیەو ڕووبەری جوگرافیەكەیان بەمجۆرە بەسەر پارێزگاكاندا دابەشبوون:-

| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | 414 |
| 2 | هەولێر | 283 |
| 3 | دهۆك | 175 |
| 4 | هەڵەبجە | 43 |
| | **كۆی گشتی** | 915 |





بەم پێ یە لە هەرێمی كوردستاندا هەر بنكەیەك یان مەڵبەندێكی تەندروستی بۆ (6,744) كەسە. (ئەمە بەشێوەیەكی گشتیو تێكەڵاو دابەش كراوە، دامەزراندنی مەڵبەندی تەندروستیو بنكەی تەندروستی بەپێی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانیو ستانداردی عێراقی دەبێت بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەكان

بێتو لەبەشەکانی دیکەی ئەم راپۆرتەدا شوێنی مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی رێژەی دانیشتوان شی کراوەتەوە.


3- لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی هەر (10,000) کەسێك (11) پزیشکیان بەر دەکەوێتو بەپێی پارێزگاکانیش هەر (10,000) کەسێك بەمجۆرە ژمارەی پزشکیان بەردەکەوێت:-

| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 13 |
| 2 | سلێمانی | 12 |
| 3 | دهۆك | 6 |
| 4 | هەڵەبجە | 9 |





4- لە هەرێمی کوردستان هەر (10,000) کەسێك چوار پزشیکی پسپۆریان بەردەکەوێتو دابەشبوونی جوگرافی پزیشکی پسپۆر بەپێی پارێزگاکان بەمجۆرەیە بۆ هەر (10,000) کەسێك:-

| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 6 |
| 2 | سلێمانی | 4 |
| 3 | دهۆك | 2 |
| 4 | هەڵەبجە | 1 |





5- لە هەرێمی کوردستاندا هەر (10,000) کەسێك سێ پزیشکی دانی بەر دەکەوێت و دابەشبوونی جوگرافی پزیشکانی ددان بەپێی پارێزگاکان بەمجۆرەیە بۆ هەر (10,000) کەسێك:-

| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | هەولیر | 4 |
| 2 | سلیمانی | 3 |
| 3 | دهۆك | 2 |
| 4 | هەڵەبجە | 2 |




6- لەهەرێمی کوردستاندا هەر (10,000) کەسێك (17) پەرستاری بەردەکەوێت، دابەشبوونی جوگرافی پەرستار بەپێی پارێزگاکان بەمجۆرەیە بۆ هەر (10,000) کەسێك:-





| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | هەولیر | 21 |
| 2 | سلیمانی | 15 |
| 3 | دهۆك | 14 |
| 4 | هەڵەبجە | 4 |

7- لە هەرێمی کوردستاندا هەر (10,000) کەسێك دو پزیشکی دەرمانسازی بەردەکەوێتو دابەشبوونی جوگرافی پزیشکانی دەرمانساز بەپێی پارێزگاکان بەمجۆرەیە بۆ هەر (10,000) کەسێك:-




| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | هەولیر | 3 |
| 2 | سلیمانی | 2 |
| 3 | دهۆك | 1 |
| 4 | هەڵەبجە | 1 |

8- لە هەرێمی کوردستاندا هەر(10,000) کەسێك (14) کارمەندی تەندروستی بەردەکەوێتو دابەشبوونی جوگرافی کارمەندانی تەندروستی بە پێی پارێزگاکان بەمجۆرەیە بۆ هەر (10,000) کەسێك:-




| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | سلیمانی | 28 |
| 2 | هەلەبجە | 21 |
| 3 | هەولیر | 9 |
| 4 | دهۆك | 4 |
| | | |

**9- روپێویەکی مەیدانی مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.**

**تیمەکانمان لە میانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا لە سنوری هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان توانییان زانیاری لەسەر (405) بنکەی تەندروستی‌ومەڵبەندی تەندروستی سەرەکی کۆبکەنەوە کە وەك سامپڵی کەرتی گشتی تەندروستی وەرگیراون، مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی کە لە بنکەی تەندروستی فراوانترە یەکێکە لەناوەندە هەرە گرنگەگانی کەرتی گشتی کە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات، لەسنوری پارێزگای دهۆك زانیاری لەسەر (61) بنکەی تەندروستی‌ومەڵبەندی تەندروستی وەرگیراوە، هەولێر (102) سلێمانی (233) و هەڵەبجە نۆ بنکەو مەڵبەندی سەرەکی تەندروستی.**

**بەپێی رێنماییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی‌و ستانداردی تەندروستی عێراقی دەبێت بۆ هەر (10) هەزار کەس دو تا سێ مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی هەبن، هەروەها بۆ یەك هەزار تا دو هەزار کەس لە ناوچەیەکی نیشتەجێبووندا یەك بنکەی تەندروستی هەبێت، بەڵام سەرجەم ئەو مەڵبەندە تەندروستیانەی تیمەکانی ئاران کاریان لەسەرکردوون هەریەکەو بۆ زیاتر لە(10) هەزار کەسە، هەروەها بنکە تەندروستیەکان بۆ ژمارەیەکی یەکجار زور کەمتر لەو ستاندەردەی هەیە، ئەمەش وایکردوە بنکە تەندروستیەکان هیچ سودێکی ئەو تۆ نەیەگەینن‌و مەڵبەندە تەندروستیەکانیش بکەونە ژێر لێشاوی خەڵکەوە.**

**بنکە تەندروستیەکان لەلایەن کارمەندانی تەندروستیەوە بەرێوە دەبرێن، بەڵام مەڵبەندە تەندروستیە سەرەکیەکان پزیشکیان تیا دادەنیشێت، بەپێی بەدواداچونەکانی تیمەکانی ئاران، سەرجەم ئەو مەڵبەندە تەندروستیە سەرەکیانەی لەدهۆك کاریان لەسەر کراوە پزیشکیان تیا دادەنیشێت، هەر یەك لە سلێمانی‌و هەولێرو هەڵەبجە 70-80٪ یان پزیشکیان لێ یە، ستافی تەندروستی کارمەندان لە مەڵبەندە تەندروستیە سەرەکیەکان لەنێوان 7 تا17 کەسن هەروەها لە بنەکەکان لەنیوان دوو تا پێنج کەسن، ستافی مەڵبەندو بنەکەکانی هەولێر زیاتر راهینراوترن بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.**

**پزیشکی دان زۆرترین ژمارەی هەیە لەنێو پسپۆریە پزیشکیەکان ئەوانەی لەمەڵبەندە پزیشکیەکان دەوام دەکەن.**

**پزیشکان کە لەکەرتی گشتیدا کار دەکەن، 100٪ ئەوانەی پلەی پزیشکی راوێژکاریان هەیە دوو کار دەکەن کارێك لە کەرتی گشتی‌و کارێك لە کەرتی تایبەت، بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەبێت پزیشکی راوێژکار (35) کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار بکات، بەڵام بەپێی بەدواداچونەکانی ئاران لە میانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا ئەوە دەرکەوت بەدەگمەن پزیشکێك نابینی پابەندی ئەو رێنماییە بێت، بەشی هەرە زۆری پزیشکانی راوێژکار رۆژانە کەمتر لە چوار کاتژمێر کار**

دەكەن لەكەرتی گشتیدا كە هەفتانە دەكاتە كەمتر لە (20) كاتژمێر، ژمارەیەك لە پزیشكانی راوێژكار رۆژانە لەكاتژمێرو نیوێك تا دوو كاتژمێر كار دەكەن كە ئەمەش دەكاتە هەفتانە نزیكەی (10) كاتژمێر یان كەمتر، ئەمەش لەكاتێكدا هەمان پزیشك لە كلینەكە تایبەتەكەی خۆی تا درەنگانی شەو كار دەكات، بەشێكی زۆر لەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە حكومیەكان لە قاوشەكان دەخەوێندرێن گرفتی سەرەكیان ئەوەیە پزیشكەكانیان لە رۆژانی پێنجشەممە جێیان دەهێڵن تا یەكشەممە، هەندێكیان نەخۆشی هەستیارنو بارودۆخیان تایبەتو مەترسیدارە، ئەمانە بە پزیشكی ئیشكگر دەسپێردرێن، پزیشكە ئیشكگرەكان پسپۆرییان لەگەڵ بەشی هەرە زۆری نەخۆشەكان جیاوازەو ناتوانن هیچی ئەوتۆیان بۆ بكەن، لەمیانی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتەدا یاوەری چەندین نەخۆش دوێندران كە باسیان لەوە دەكرد پزیشكی نەخۆشەكانیان ئامادەنین جوابی تەلەفۆنیش بدەنەوەو دەبێت چاوەڕێ بكەن تا رۆژی یەكشەممە پزیشكی پسپۆر دێتەوە بۆ دەوام، بەڵام ئەم بارودۆخە لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان تەواو پێچەوانەیە، نەخۆش دەتوانێ زوو زوو لەگەڵ پزیشكەكەیدا پەیوەندی بگرێتو لە كاتی هەر پرسیارێكدا ستاڤ نەخۆشخانە ئەهلیەكان پەیوەندی بە پزیشكی نەخۆشكەوە دەكەنورێنمایی لێ وەردەگرن، واتا هەمان پزیشك كە وەڵامی یاوەرانی نەخۆشی خەوتوو لە نەخۆشخانە حكومیەكان ناداتەوە ئامادەیە لە شەوێكدا چەندین جار لە رێگای تەلەفۆنەوە رێنمایی بدات بە نەخۆشەكەی كە لەنەخۆشخانەی ئەهلی ماوەتەوەونەشتەرگەریی یان چارەسەری بۆ كردوە، یاوەرانی نەخۆش ئەوانەی لە قاوشی نەخۆشخانە حكومیەكان ماونەتەوە بە ئاسانی هەست بەوە دەكەن كە ئەمە بەشێكی سەرەكی یە لە پرۆسەی ئاراستەكردنی نەخۆش بۆ كەرتی تایبەت.


## دووەم / سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت :-

لە ساڵی 2014 وە لە سەرجەم نەخۆشخانەكانی هەرێمی كوردستان كاری پێدەكرێت، وەزارەتی تەندروستی بە ئامانجی ئەوەی خەڵك ناچار نەبێت پەنا بۆ كەرتی تایبەتونەخۆشخانەی ئەهلی ببات ئەم سیستەمەی داهێناوە، واتا نەشتەرگەریی بە نیوە نرخ لە نەخۆشخانە حكومیەكان بە ئامێری حكومەتو كارمەندی حكومەتو لەناو بینای حكومەتدا دەكرێت، بەپێی رێنماییەكان دەبێت سەرجەم نەشتەرگەرییەكانی سیمی پرایڤد لە دوای كاتژمێر دوی پاش نیوەرۆوە بكرێن، وە دەبێت لە كاتی بەیانیاندا پزیشكەكان ئەو پشكەی كە بۆیان دیاری كراوەو پێویستە بە بێ بەرامبەر وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشكەش بەهاووڵاتیانی بكەن تەواو كردبێت دوای ئەوە نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بكەن، بەپێی زانیاریەكان هەر پزیشكێك لەسەریەتی بەپێی توانای نەخۆشخانەكە رۆژانە بێ بەرامبەر پێنج نەشتەرگەریی بكات، كە ئەویش یەك نەشتەرگەری گەورەو دوو نەشتەگەری ناوەندو دوو نەشتگەری بچوك، دەكرێت دوو

نەشتگەری گەورەو یەك بچوك یان یەك ناوەند بكات، دوای ئەوە ئەگەر پێویستی نەشتەرگەریی زیاتر بوو ئەوا دەكرێت نەخۆشەكان ئاراستەی سیستەمی سیمی پرایڤدبكرێن بە نیوەی نرخی بازار نەشتەگەریان لە نەخۆشخانە حكومیەكان بۆ بكرێت.


## 1- ئایا رێنماییەكانی سیستەمی سیمی – پرایڤد وەك خۆی جێبەجێ دەكرێن؟

بەپێی رێنماییەكان دەبێت نەخۆشخانە حكومیەكان 100٪ ئەو توانایەی بۆ بەیانیان هەیانە بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری حكومی بێ بەرامبەر خستبێتە گەڕ، ئەو كات نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بكەن، وە نابێت پێش كاتژمێر دوی دوا نیوەڕۆ هیچ نەشتەرگەرییەكی سیمی پرایڤد لەنەخۆشخانە حكومییەكان بكرێت،بەلاَم ئەم رێنماییە بە تەواوی لەلایەن نەخۆشخانە حكومییەكانەوە پێشێل كراوەو كار گەیشتوەتە ئەوەی بە دەگمەن نەشتەرگەرییەكی بێ بەرامبەر لەنەخۆشخانە حكومییەكان دەكرێت، مەگەر نەخۆشەكە برابێتە بەشی فریاكەوتنو بێهۆش بێتوبارودۆخی لە مەترسیەكی تەواودا بێت، بەشێكی زۆرلەو نەخۆشخانەی لە سیمی پرایڤد نەشتگەرییان بۆ دەكرێت لەپێش كاتژمێر 12ی نیوەڕۆ بۆیان دەكرێت، نەشتەرگەریی هەیە لە كاتژمێر 10 بۆ 11ی پێش نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پێشێل كردنی زەقی بریارەكەیەو پێچەوانەی یاسایە، گرفتێكی دیكەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانە حكومیەكان دوری نۆرەی بەركەوتنە، بەشێوەیەكی گشتی نۆرەی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە سێ مانگی بۆ سێ ساڵە،نەخۆش هەیە بۆ نەشتگەرییەك بێ بەرامبەر پێی وتراوە سێ ساڵی دیكە وەرەوە، نەخۆش هەبوە لە 2020 سەرەی 2023 یان بۆ نوسیوە، بەلاَم بە سیمی پرایڤد هەمان رۆژ یان بەهیچ جۆرێك لەیەك هەفتە تێپەڕ ناكات، لەكاتی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتەدا تیمەكانی ئاران زانیاری ئەوەیان دەست كەوتوە كە پزیشكی وا هەبوە وتویەتی من لەكاتژمێر 9 تا 2ی پاش نیوەڕۆ تەنیا فریای ئەنجامدانی سێ نەشتەگەریی بێ بەرامبەر دەكەوم چونكە نەشتەرگەریی دەبێت بە وردی و لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت، بەلاَم هەمان پزیشك لەكاتژمێر2ی پاش نیوەڕۆ تا 7ی شەو شەش نەشتگەری لەسیستەمی سیمی پرایڤد یان لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان ئەنجام دەدات، كە ماوەكە هەمان ماوەیە بەلاَم نەشتەرگەرییەكان دوو هێندەن، شارەزایانی كەرتی تەندروستی حكومی پێیان وایە ئەم سیاسەتەی



حکومەتی هەرێم گرتویەتیە بەر بەناوی سیمی پرایفد– نیمچە تایبەت راهێنانی خەڵکە لەگەڵ ئەوەی کەرتی گشتی تەندروستی نەمێنێتو بەرەو کەرتی تایبەت خەڵك ئاراستە بکرێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی حیزبەکانی دەسەڵاتدا، چونکە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی بواری دەرمانو تەندروستیو نەخۆشخانە ئەهلیەکان هی حیزبەکان یان بەرپرسە باڵاکانی حیزبەکانن،ئاراستە کردنەکەش ئاراستەکردنە بەرەو بازاری رەش نەك بیمەی تەندروستیو پابەند بوون بە رێنماییە تەندروستییەکانەوە.

سیمی پرایڤدا جگە لەنەشتەرگەریی کاروباری دیکەی پزیشکی گرتۆتەوە، بۆنمونە تیشکی MRI و CT- Scan بەپێی رێنماییە تەندروستییەکان دەبێت بە نرخی (25,000)دینار بۆ هاووڵاتیان بگیرێت ئەو کاتەی پزیشك داوای دەکات، بەڵام بەو نرخە نۆرەی ئەنجامدانی ئەو تیشکە بەم جۆرەیە لە هەندێك لەو نەخۆشخانانەی لۆدیان کەم لەسەرە مانگێکی پێدەچێت، ئەوانەی لۆدیان مام ناوەندە سێ مانگو ئەوانەشی لۆدیان زۆر لەسەرە لەشەش مانگ کەمتر نیە، گوێش بەوە نادرێت کە نەخۆش باری تەندروستی خراپە، بەڵام بە هەمان ئامێرو لەناو هەمان بینادا ئەگەر بێتو نەخۆش ئامادە بێت بە سیمی پرایڤد – نیمچە تایبەت کە نرخی هەر تیشکێك (70,000) هەزار دینارە بیگرێت ئەوا هەمان رۆژ ئەو جۆرە تیشکەی بۆ دەگیرێت کە لەناو خەڵکدا بە ئەشیعەی تەنوری ناو دەبرێت.




ژمارەی ئەو تیشکانەی لەنەخۆشخانە حکومیەکان لەبواری MRI و Ct Scan لە 2021دا لە پارێزگای سلێمانی گیراون (20,000) تیشك تێپەڕ دەکات، لە پارێزگای دهۆکیش لەساڵی 2020 ژمارەی ئەو تیشکانەی لە هەردوو بوارەکەدا گیراون بریتی یە لە (26,335) تیشك کە(19,979) تیشکی Ct Scan و (6,356) تیشیکی MRIین، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست تیمەکانی رێکخراوی ئاران کەوتوون 61٪ تیشکە گیراوەکان لە هەردوو بوارەکەدا لە هەردوو پارێزگا لە ئێواران‌و بە نیمچە تایبەت گیراون کە نرخی هەر تیشکێك لەو دو بوارەدا (70,000) دینارە.

بەتایبەت كردنی كەرتی حكومی و ناچار كردنی خەڵك كە لە نەخۆشخانە حكومیەكان بە پارە نەشتەرگەریی ئەنجام بدەن، هەروەها ناچاركردنی خەڵك كە بەپارەیەكی زۆر لە كەرتی تایبەتو نەخۆشخانەی ئەهلی خزمەتگوزاری تەندروستی وەربگرن، هیچ بارگرانیەكی لەسەر شانی حكومەت سوك نەكردوە، حكومەت هەمان بودجەو موچەی ساڵانی رابردوو بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخان دەكات، بەم جۆرە:-




تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی  حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت ئەم بەرە پارەیە دابین بكات:-

- مانگانە برِی (50,520,000,000) پەنجا ملیارو پێنجسەدو بیست ملیۆن دینار.
- ساڵانە (606,240,000,00) شەش سەدو شەش ملیارو        دوسەدوچل ملیۆن دینار.


كۆی ئەو پارەیەی لە ساڵی 2011 وە تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی تەرخان كراوە بریتی یە (6,062,400,000,000) شەش تریلۆنوشەست و دو ملیارو چوار سەد ملیۆن دینارە، كە یەكسانە بە(4,096,2016,000) چوار ملیارو نەوەدو شەش ملیۆنودوسەدوشازدە هەزار دۆلار، هەرچەندە بەهۆی پەسەند نەكردنی بودجەوە لەساڵی 2014 وە داتاكان وەك پێویست بەردەست نین بەلاَم كۆی ئەو پارەیەی لە (10) ساڵی رابردوودا حكومەت هەرێم بۆ موچەو پێداویستیەكانی دیكەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانی كردوە حەوت ملیار دۆلار تێپەر دەكات،  بەلاَم بێ بەرهەمەو بێ پلان بەكار هێنراوە، كۆتاییەكەی هەرەسی كەرتی گشتی بووە خەڵكی لەگیرفانی خۆیان نەخۆشەكانیان چارەسەر دەكەن، كۆمپانیای حیزبیو كەسانی دەستڕۆیشتووی حیزبو خاوەن بەرژەوەندی هەرەسیان بە كەرتی گشتی تەندروستی هێناوەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەكاریان هێناوە، كە سەرەرای ئەوەی هاووڵاتیانی كوردستان لە (10) ساڵی رابردوودا داهاتی ووڵاتەكەیان سەروی حەوت ملیار دۆلاری بۆ كەرتی تەندروستی خەرج كراوە، بەلاَم هیچ هاووڵاتیەك حاڵی حازر ناتوانێت بە ئاسانی نەشتەرگەریەكی بێ بەرامبەری لە نەخۆشخانە حكومیەكان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەگەر بێتو زۆر زەروریش بێت.

### 2- وەزارەتی تەندروستی نەشتەرگەرییەكانی سیمی پرایڤد كە بە پارە كراون دەكات بە چالاكی خۆی.

دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان مانگانەو ساڵانە ئاماری ئەنجامدانی نەشتەرگەریی‌و خزمەتگوزاری تەندروستی لە وێبسایتەکانیان‌و دەزگاکانی راگەیاندن بلاو دەکەنەوە، کە گوایە وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشکەش بە هاووڵاتیان کراوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو نەشتەرگەریانەو ئەو خزمەتگوزاریانە بە پارە لەناو نەخۆشخانە حکومیەکاندا کراون، بەڵام حکومەت وەك چالاکی خۆی‌و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر نمایشیان دەکات.

### ❖ سلێمانی:-

لە سنوری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە هەموو ناوچەکانی پارێزگاکەوە بەپێی ئەو ئامارەی راگەیەنراوە لە ساڵی 2021دا ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکان بەمجۆرەن:-




- ژمارەی ئەنجامدانی کۆی نەشتەرگەریی 13,357 نەشتەرگەریی.
- نەشتەرگەریی تایبەت‌و سەروگەورەو گەورەو ناوەند 2,645 نەشتەرگەریی.
- نەشتەرگەریی دڵ وەك قەستەرەودانانی باڵۆن‌وفەتح سەدر 6,720 نەشتەرگەریی.

ئەوەکانی دیکە یان نەشتەرگەریی بچوکن یان پۆلێن نەکراون کە چی جۆرێکن.


بەپێی بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران، 67٪ رێژەی ئەو نەشتەرگەریانەی لە نەخۆشخانە حکومیەکانی سلێمانی ئەنجامدراون بە پارە واتا بەنیمچە تایبەت کراون.

### ❖ دهۆك:-

پارێزگای دهۆك تائێستا ئاماری ساڵی 2021ی رانەگەیاندوە، بۆیە ئەم راپۆرتە کاری لەسەر ئاماری 2020 کردوە، ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی 2020دا بەم جۆرەیە:-

- کۆی نەشتەرگەریی لە 2020دا 34,430 نەشتەرگەریی.

- نەشتەرگەریی قەستەرە 1,330
- نەشتەرگەریی دانانی گورچیلە 43





تەندروستی دهۆك تەنیا ئەو دوو جۆرە نەشتەرگەریەی پۆلێن کردووە و ئەوەکانی دیکەی دیاری نەکردوە. بەپێی بەدواداچوونەکانی ئاران ڕێژەی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکانی دهۆکدا 65٪ تێپەڕ دەکات.

❖ هەولێر:-

ماڵپەری تەندروستی هەولێر هیچ ئامارێکی کارەکانی بڵاو نەکردۆتەوە، بەشی هەرە زۆری پۆستەکانی ماڵپەڕەکە ئاگادارییە بۆ کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی بواری تەندروستی.

❖ هەڵەبجە:-

پارێزگای هەڵەبجە تەنیا پارێزگایە کە تەندروستیەکەی ئاماری نەشتەرگەری بێ بەرامبەرونیمچە تایبەتی ئێوارانی جیا کردۆتەوە، ئەگەر نەخۆشخانەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بە نمونە وەربگرین ئەوا بۆ مان دەردەکەوێت کە نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت واتا بە پارە لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا چۆن شان لەشانی نەشتەرگەریی بێبەرامبەر دەدات، بەپێی ئەو ئامارەی خودی تەندروستی هەڵەبجە بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی 2021 لەو نەخۆشخانەیە (950) نەشتەرگەریی جۆراو جۆر ئەنجامدراون، کە (650) نەشتەرگەریی لەوانە بەنیمچە تایبەت کراونو تەنیا (300) نەشتەرگەریی بەبێ بەرامبەر ئەنجام دراون، لەکاتێکدا کۆی ئەو نەشتەرگەریانە لەناو هەمان هۆڵی نەشتەرگەریو هەمان نەخۆشخانەو هەمان ئامێر ئەنجامدراون، بەڵام ئەوانەی توانویانە پارە بدەن ئەوا چانسی ئەوەیان هەبوە زوتر و زیاتر نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام بدرێت.





نرخی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەمجۆرەیە:-

- نەشتەرگەری بچوك 100,000 تا 150,000 دینار
- نەشتەرگەریی ناوەند 300,000 تا 500,000 دینار
- نەشتەرگەریی گەورە لەسەروی یەك ملیۆن دینار
- نەشتەرگەریی تایبەت بەپێی جۆری نەشتەرگەریەکە دەگۆڕێت بەزۆری لەسەروی سێ ملیۆن دینارەوەیە.

نرخی بەشێك لەنەشتەرگەریەکان لەسیستەمی نیمچە تایبەتی حکومی لەنرخی بازار زیاترە، بۆ نمونە جۆرێك لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لە نیمچە تایبەتی حکومی بە (1,500,000) دینار ئەنجام دەدرێت، لەنەخۆشخانەی ئەهلیش هەمان نرخە، جۆرێکی تر لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لەنیمچە تایبەتی حکومی بە(3,000,000) دینار ئەنجام دەدرێ بەڵام لەنەخۆشخانە ئەهلیەکان لەخوار ئەو نرخەوەیە. بەشێوەی گشتی لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان رێژەی ئەو نەشتەرگەریە نیمچە تایبەتانەی لەنەخۆشخانە حکومیەکان دەکرێن دەگاتە 70٪ هەروەها 100٪ ئەو نەشتەرگەریانەی لە نەخۆشخانەکانی بوژانەوەی دڵ لەبوارەکانی قەستەرەو دانانی باڵۆنو شەبەکەو کردنەوەی سینگ (فەتح سەدر) ئەنجام دەدرێن بەپارەنو لەو بوارەدا نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر نەماوە.

ئەو پارەیەی لە هاوولاتیان وەردەگیرێت لە سیستەمی نیمچە تایبەت کە لەناو تەندروستیدا بە سیمی پاریڤد ناسراوە، 20٪ بۆ کارمەندانی تەندروستیە ئەوانەی بەشداریی لە نەشتەرگەریەکەدا دەکەن 40٪ بۆ پزیشکی ئەنجامدەری نەشتەرگەرییە، 40٪ بۆ وەزارەتی تەندروستیە، ئەمەش ئەوە دوپات دەکاتەوە ئەو کارمەندو پزیشکانەی موچەی حکومەت لەبەرامبەر خزمەتکردنی خەڵك وەردەگرن لە هەمان کاتو هەمان شوێنو بە هەمان ئامێرو پێداویستی بە پارە رێگەیان پێدراوە کاری نیمچە تایبەت ئەنجام بدەن، کە ئەمەش پێچەوانەی ناوەرۆکی یاسای کارگێڕی عێراقە کە لە وەسفی فەرمانبەری دەوڵەتداوا لەریزی ئەو کارانەی کە نابێت فەرمانبەر لەسنوری فەرمانگەکەی خۆیدا بیکات ئەوەیە نابێت بە ئەنجامدانی هەندێك کاری بازرگانی هەڵبسێت کە پەیوەندی بەفەرمانگەکەی خۆیەوە هەبێت، جگە لەمەش




داهێنانی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی زەقی دەستوری عێراقە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمەوە، دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ماددەی 31دا ئاماژەی بەوە کردوە هەموو هاوولاتیەك مافی چاودێریی تەندروستی هەیەو دەبێت دەوڵەت گرنگی بە

تەندروستی گشتی بدات، بەپێی هەمان ماددەی دەستور دەبێت دەوڵەت پارێزگاریی تەندروستی دابین بکاتو هۆکارەکانی چاودێری تەندروستیو چارەسەر بە دامەزرادنی جۆرەهای نەخۆشخانەو دامەزراوەی تەندروستی دابین بکات، بەلاّم وەزارەتی تەندروستی هەرێم بە سیستەمی نیمچە تایبەت پێچەوانەی ماددەی 31ی دەستور هەڵسوکەوت دەکات.

## 3- کێ سودمەندی داهێنانی سیستەمی سیمی پاریڤد – نیمچە تایبەتە؟

وەزارەتی تەندروستی تەنیا 40٪ داهاتی ئەو نەشتەرگەریانەی بەر دەکەوێت، 60٪ دەروات بۆپزیشكو كارمەندانی تەندروستی بەشدار لە نەشتەرگەریەكاندا، ئەمەش دەری دەخات حكومەت وەك پێویست لێی سودمەند نابێت، لەمیانی هەمو ئەو رێشوێنانەی بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە گیرانە بەر لێكۆڵینەوە لە هۆكاری ئەوە كراوە كە وەزارەتی تەندروستی ئەم سیستەمە پەیرە و دەكات بێ ئەوەی وەك پێویست لێیی سودمەند بێتو بارگرانیشی خستۆتە سەر هاووڵاتی، ئایا دەبێت هۆكارەكەی چی بێت؟ ئەنجامەكان ئەوەن كە حیزبە دەست رۆشتوەكانو كەسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزب كاریگەریی تەواویان لەسەر وەزارەتی تەندروستی هەیەو هەر ئەو جۆرە كەس‌ولایەنانە بەپلان كار بۆ نەهێشتنی كەرتی گشتی تەندروستی دەكەنو لەبەرژەوەندی كۆمپانیاو نەخۆشخانە ئەهلیو كۆمەڵگا پزیشكیەكانیان كەرتی گشتی بەرەو هەرەس یان هاوشێوەكردنی بە كەرتی تایبەت دەبەن، داهێنانی سیمی پرایڤد – نیمچە تایبەت بەشی هەرە سەرەكی ئەو پیلانەیەو نەبوونی دەرمان لە نەخۆشخانەكانو ناچاركردنی خەڵك بە كرینی دەرمان لەبازار تەواوكەری بەشەكانی دیكەی پیلانەكەیە.

## سێیەم / كلینكە پزیشكیە ئێوارانەكان:-

بەهۆی نائومێدبوونی لە كەرتی گشتیو دەستنكەوتنی خزمەتگوزاری پێویست لەو كەرتەدا خەڵك ناچارن رو لەبازارو لەونێوەندەشدا رو لە كلینكە پزیشكیە ئێوارەكان(عیادەكان) بكەن، كۆی ژمارەی كلینە پزیشكییە ئێوارەنەكان لە سەرانسەری هەرێمی كوردستاندا (3037) كلینكە، بەپێی بەدوادا چوونەكانی تیمەكانمان لەماوەی (10) مانگی رابردوودا ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی كلینەكەكانی ئێواران دەكەن لەنێوان نۆ نەخۆش بۆ (62) نەخۆشن بۆ هەر كلینكێك، بەشی هەرە زۆری كلینەكەكان ژمارەی نەخۆشەكانیان لەنێوان (15 بۆ 30) نەخۆشدایە، بۆیە ئەم راپۆرتە (15) نەخۆشی وەك ژمارەی تێكرا بۆ كلینیكە ئێوارەنەكان داناوە، بەم پێ یە رۆژانە (45.555) كەس وەك نەخۆش سەردانی كلینكە ئێوارانەكان دەكەن.

نرخی بینینی نەخۆش لەلایەن کلینکە ئێوارەنەکانەوە، بەپێی بە دواداچونەکانمان بەشی هەر زۆریان (15,000) دینارە، بەشێك لە کلینکەکان (20,000) دینار و هەندێکیش بەتایبەت ئەوانەی لەناو نەخۆشخانە ئەهلیەکان کار دەکەن‌وبەسەربەخۆ نەخۆش دەبینن (35,000) دینارە، ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە کلینەکان کە لە کۆمەڵگا پزیشکیەکاندان(3000) دینار وەردەگرن‌و کلینکی واش هەیە (5000) دینار تا (10,000) دینار وەردەگرێت ، بەڵام بەشی هەر زۆر لەنێوان (15,000 بۆ 20,000) دینارە، ئەم راپۆرتە نرخی (15,000) دیناری وەك نرخی تێکرِا وەرگرتوە، بەم پێی یە ئەو پارەیەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بە کرێی بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشکەکانەوە لە کلینکە ئێوارانەکان بەم جۆرەیە:-

**ساڵانە بە زیاتر لە هەشت سەد ملیار دینار تەنها بە بینینی نەخۆش لە کلینیکە ئیوارانەکان خەرج دەکریت**

- رۆژانە (683,325,000) شەش سەدو هەشتاو سێ ملیۆن‌و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار.
- پێنج رۆژی هەفتەیەك (3,416,625,000) سێ ملیاروچوار سەدوشازدە ملیۆن‌وشەش سەدوبیستوپێنج هەزار دینار.
- بیست رۆژی مانگێك (68,332,500,000) شەستوهەشت ملیارو سێ سەدوسیودوملیۆن‌و پێنجسەد هەزاردینار.
- لە ساڵێکدا (819,990,000,000) هەشت سەدونۆزدە ملیارو نۆسەدو نەوەد ملیۆن دینار.

هەر بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان هەر نەخۆشێك کە سەردانی پزیشکی ئێواران دەکات جگە لە پارەی بینینی پزیشك برِی ئەو پارەیەی بۆ پشکنین‌وکرینی دەرمان دەیدات لەنێوان (15,000 دینار بۆ 75,000) دیناردایە بەشی هەر زۆری نەخۆش ئەو پارەیەی دەیدات لەنێوان (20,000 بۆ 40,000) دیناردایە، ئەمە جگە لە حاڵەتە تایبەتەکان کە تێچونێکی بەرزی هەیە، هەروەها جگە لە نەخۆشانی کۆرۆنا کە حاڵەتیان تایبەتەو تێچوونی کۆرسێك دەرمانیان لەنێوان (100,000 بۆ 300,000) دیناردایە، ئەم راپۆرتە نرخی (25,000) دیناری وەك نرخی تێکرِا بۆ تیچوونی هەر نەخۆشێك بەدەر لە کرێی بینینی نەخۆش داناوە، کە ئەمە وەرگرتنی لانی کەمی تێچوونە، بەم پێ یە ئەو پارەیەی لەهەرێمی کوردستاندا خەڵك دەیدات بە پێداویستیەکانیان کاتێك سەردانی عیادە پزیشکیەکان دەکەن جگە لە کرێی بینینی پزیشك رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە (1,138,875,000) یەکملیارو سەدوسیو هەشت ملیۆنو هەشت سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار .
- پێینج رۆژی هەفتەیەك (5,694,375,000) پێنج ملیارو شەش سەدونەوەدو چوار ملیۆنو سێ سەدو حەفتاوپێنج هەزاردینار.
- بیست رۆژی مانگێك (113,887,500,000) سەدو سیازدە ملیارو هەشتسەدوهەشتاو حەوت ملیۆنو پێنجسەد هەزار دینار.
- ساڵێك (1,366,650,000,000) یەك تریلۆنو سێ سەدوشەستو شەش ملیارو شەشسەتو پەنجا ملیۆن دینارە.

کۆی ئەو پارەیەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ساڵێکدا بەهۆی سەردانیی کردنی عیادە پزیشکییەکان دەیدەن بە کرێی بینینی نەخۆش‌وتێچووی نەخۆشەکانیان بریتی یە لە (2,186,640,000,000) دو تریلیۆن‌وسەدوهەشتاو شەش ملیارو شەش سەدو چل ملیار دینار. کە کۆی گشتی بە دۆلارو بە نرخی ئەمرۆی بازار دەکاتە (1,477,459,000) یەك ملیارو چوار سەدو حەفتاوحەوت ملیۆنو چوار سەدوپەنجاونۆ هەزاردۆلار.

**سالانە بە زیاتر لە دوو ترلیۆن دینار لە چارەسەرکردنی نەخۆش لە عیادە و کلینیکە ئیوارانەکان خەرج دەکریت**

## چوارەم/ نەخۆشخانە ئەهلیەکان:-

لە دوای کلینکە ئێوارەکان نەخۆشخانە ئەهلیەکان وێستگەی دوەمی نەخۆشن لە هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە لێشاو روو لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن بۆ چارەسەر کردن، ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان تا تەواوبوونی ئەم راپۆرتە (79) نەخۆشخانەیە، ئەم ژمارەیە لە گۆراندایە بەهۆی ئەوەی بەردەوام سالآنە نەخۆشخانەی نوێ دەکرێتەوەو هەندێك نەخۆشخانەش دادەخرێن، بەهۆی لاوازی کەرتی گشتیو پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە هاووڵاتیان, نەخۆشخانە حکومیەکان جمەیان دێ لە خەڵك، بەشی زۆری ئەوانەی سەردانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن زیاتر بۆ نەشتەرگەرییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەبێ بەرامبەر بە ئاسانی بۆ هاووڵاتی ناکرێتو دەبێت بە نیمچە تایبەت بیکەن، نرخی نیمچە تایبەتیش نزیکە لە نرخی نەخۆشخانە ئەهلیەکانەوە، بۆیە هاووڵاتی وای پێ باشە بچێتە نەخۆشخانەی ئەهلی چونکە ئەو پارە هەردەدات، پێی باشترە بیدات بە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ ئەوەی رێزی زیاتریان لێ بگیرێتو خزمەتی زیاتر بکرێن، تێکرای ژمارەی ئەنجامدانی نەشتگەری بۆ هەر نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە هەرێم پێنج نەشتەرگەرییە، نەخۆشخانەی وا هەیە رۆژانە (10) نەشتگەر ئەنجام ئەدات، کەمترین ژمارەی ئەنجامدانی نەشتگەرگەریی لە رۆژێکدا بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەکان چوار نەشتەر گەرییە، ئەم

راپۆرتە پێنج نەشتەرگەریی وەك ژمارەی تێكرا وەرگرتوە، نرخی نەشتەرگەری گەورە لە(450,000) دینارەوە دەست پێدەكات تا شەش ملیۆن دیناری دەروات، نەشتەرگەری تایبەت‌و هەستیار هەیە نرخەكەی لەسەروی (30,000) دۆلارەوەیە، ئەم راپۆرتە تەنیا ئەو نەشتەرگەریانەی وەرگرتوە كە ئەكرێت لە نەخۆشخانە حكومیەكان ئەنجامبدرێن، بەڵام لەبەر باش نەبوونی كەرتی گشتی هاووڵاتی ناچارە لە كەرتی تایبەت ئەنجامیان بدات.

رۆژانە لەسەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەكانی هەرێمی كوردستان (395) نەشتەرگەری جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێن، ئەم راپۆرتە نرخی تێكڕای بۆ هەر نەشتەرگەریەك بە (500,000) هەزار دینار داناوە، كە ئەمە كەمترینە، ئەو پارەیە لەهەرێمی كوردستان دەدرێت بەكرێی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە (197,500.00) سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دینار.
- شەش رۆژی هەفتە (1,185,000,000) یەك ملیارو سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینار.
- (24) رۆژی مانگێك (4,740,000,000) چوار ملیارو حەوت سەدو چل ملیۆن دینار.
- ساڵانە:- (56,880,000,000) پەنجاو شەش ملیاو هەشت سەدو هەشتا ملیۆن دینار.

**سالانە بە نزیكەی پەنجا و حەوت ملیار دینار لە تێچووی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان خەرج دەكریت**

ئەو پارەیەی ساڵانە لەلایەن خەڵكی هەرێمی كوردستانەوە دەدرێت بە كرێی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە هەرێمی كوردستان لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان، بەدۆلارو بە نرخی ئەمرۆی بازار دەكاتە (38,432,000) دۆلار.

### ❖ مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان:-

بەپێی بەدواداچوونی تیمەكانی ئاران هەر نەخۆشخانەیەكی ئەهلی بەشێوەیەكی بەردەوام رۆژانە یەك تا (10) نەخۆشی تێدا دەمێنێتەوە، نەخۆشخانە هەیە ژمارەی ئەوانەی تێیادا دەمێننەوە دەگاتە (12) نەخۆش، بەڵام زۆربەی نەخۆشخانە ئەهلیەكان بەشێوەیەكی بەردەوام شەش نەخۆشیان تیادا دەمێنێتەوە، ئەم راپۆرتە شەش نەخۆشی وەرگرتوە لە رۆژێكدا، كەئەم ژمارەیە لە زۆربەی نەخۆشخانە ئەهلیەكاندا هەیە، جگە لەچاودێری چڕ بە زۆری نەخۆشخانەكان لە رۆژانی شەممە تا پێنجشەممە

دەهێڵدرێنەوە، واتا لەو شەش رۆژەدا زۆرترین ژمارەی نەخۆش لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەهێڵدرێنەوە، بۆیە ئەم راپۆرتە شەش رۆژی هەفتەی وەرگرتوە، نرخی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بە زۆریی لە (50) هەزار دینارەوە دەست پێدەکات تا (100) هەزار دینار، هەندێك نەخۆشخانە نرخەکەیان دەگاتە زیاتر لە (250) هەزار دینار بۆ یەك شەو مانەوە، نەخۆشخانە هەیە لەهەرێمی کوردستان نرخی یەك شەو مانەوە تیایدا بۆ نەخۆشێك لەبەشی ئاسایی (700,000) دینارەو لەبەشی چاودێری چڕ یەك ملیۆن دینارە، ئەم راپۆرتە (75,000) دیناری وەك نرخی تێکڕا بۆ کرێی مانەوەی شەوێك لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دیاری کردوە، بەم پێی یە رۆژانە (474) نەخۆش لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەهێڵدرێنەوە کە کۆی نرخەکەی بەم جۆەیە:-

- رۆژانە (35,550,000) سیوپێنج ملیۆنو پێنجسەدوپەنجا هەزار دینار
- هەفتانە (213,300,000) دوسەدو سیازدە ملیۆنو سیٚ سەد هەزاردینار
- مانگانە (853,200,000) هەشت سەدوپەنجاو سیٚ ملیۆنو دوسەد هەزاردینار.
- ساڵانە دەکاتە (10,238,400,000) دە ملیاودوسەدوسیوهەشت ملیۆنو چوارسەدهەزار دینار.

**سالانە بە زیاتر لە دە ملیار دینار بە تێچووی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان خەرج دەکریت**

کۆی ئەو پارەیەی کە لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە ساڵانە دەدرێت بە کرێی مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بە دۆلارو بە نرخی ئەمرۆی بازار بریتی یە لە (6,917,000) شەش ملیۆنو نۆسەدو حەڤدە هەزاردۆلار.

### ❖ مانەوە لەبەشی چاودێریی چڕ لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان:-

بەشێوەیەکی بەردەوامو بە تێکڕا رۆژانە دو نەخۆش لە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەمێننەوە کە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (51) نەخۆشخانە بەشی چاودێریی چڕیان هەیە، کەمترین نرخ بۆ مانەوە لەبەشی چاودێریی چڕ لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان (500,000) هەزار دینارە وە زۆرترین نرخ یەك ملیۆن دینارە، ئەم راپۆرتە کەمترین نرخی وەرگرتوە کە رۆژانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەپێناو مانەوەی نەخۆشەکانیان دەدرێت بە نەخۆشخانە ئەهلیەکان ئەویش بڕی (500,000) هەزار دینار بۆ (24) کاتژمێر مانەوە، بەپێی ئەو ئامارەی دەستی تیمەکانی ئاران کەوتوە رۆژانە بەلای کەمەوە دوو نەخۆش لەبەشی چاودێری چڕی ئەو نەخۆشخانە ئەهلیانە دەمێننەوە کە ئەو

بەشەیان هەیە، ئەمەش دەکاتە (102) نەخۆش، لەهەرێمی کوردستان ئەو پارەیەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرێت بە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ مانەوە لەبەشی چاودێری چڕ بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە (51,000,000) پەنجاویەکملیۆن دینار.
- حەوت رۆژی هەفتەیەك (357,000,000) سێ سەدو پەنجاو حەوت ملیۆن دینار.
- سی رۆژی مانگێك (10,710,000,000) دەملیارو حەوت سەدو دە ملیۆن دینار.
- ساڵێك (128,520,000,000) سەد و بیستوهەشت ملیارو پێنجسەدو بیست ملیۆن دینار

کۆی ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە لەماوەی ساڵێکدا دەدرێت بە نرخی مانەوەی نەخۆشەکانیان لەبەشی چاودێری چڕ بەدۆلارو بەنرخی ئەمرۆی بازار دەکاتە (86,837,000) هەشتاو شەش ملیۆنو هەشت سەدو سیوحەوت هەزار دۆلار.

> **ساڵانە بە نزیکەی سەد و سی ملیار دینار بە تێچووی مانەوەی نەخۆش لە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان خەرج دەکرێت**

بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشخانە ئەهلیەکان زۆربەیان بیناکانیان وەك تەلاری بازرگانی دروستکراون، کەمترین مەرجی نەخۆشخانەیان تێدا هەیە، بەشێکیان نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونو لەناو گەڕەکاندان، ئەوەش وای کردوە ببنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بەتایبەت لە روی راگرتنی ئۆتۆمبێلەوە کە زۆربەیان پارکی تایبەت بە راگرتنی ئۆتۆمبێلیان نیە، پسپۆرانی بواری تەندروستی باسی حاڵەتێکی زۆر مەترسیدار دەکەن لە نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا ئەویش سیستەمی ئاوەرۆی ئەو نەخۆشخانانەیە، ئاوەرۆی بینای نەخۆشخانە ئەهلیەکان هەر وەك بینای ئاسایی دروست کراونو تێکەڵ بە ئاوەرۆی گشتی شار دەبێت، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەو پاشەرۆیانەی لە نەخۆشخانەکاندا بە ئاو پاك دەکرێنەوەو دەرژێنە ناو ئاوەرۆوە دەبێت چاڵی تایبەتیان بۆ هەڵبکەندرێتو بە تانکەر دەربدرێنو لە شوێنی گونجاودا بە شێوەی زانستی لەناو ببرێن، بەڵام سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکانو بگرە نەخۆشخانە حکومیەکانیش ئەو مەرجەیان تیا نیە، پسپۆرانی تەندروستی لەمیانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا باسیان لەمەترسی ئاوەرۆی نەخۆشخانەکان کرد کاتێك تێکەڵ بە ئاوەرۆی گشتی شار دەبێت، ئاوەرۆی گشتی شار زۆرجار دوبارە بەکار دەهێندرێتەوە، لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری شارەکان ئاوەرۆکەیان بۆ بواری کشتوکاڵو سەوزە بەکار دەهێندرێتەوە، بۆیە تێکەڵبوونی ئاوەرۆی نەخۆشخانە بە ئاوەرۆی گشتی زۆر مەترسیدارەو چەندەها زیانی تەندروستی بۆ مرۆڤ دە بێت، بەتایبەت وا لەلەشی مرۆڤ دەکات لەکاتی نەخۆش کەوتنووەرگرتنی چارەسەردا دەرمان لەسەر لەشی چالاك نەبێت، ئەم گرفتەش لە هەرێمی

کوردستاندا زۆر بەدی دەکرێت، کە بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ساغبونەوەی برِێکی یەکجار زۆر دەرمان هەژمار دەکرێت

## پێنجەم / نۆرینەگەکان:-

لەنەخشەی بازاری تەندروستی‌وکەرتی تایبەتی تەندروستی هەرێمی کوردستاندا نۆرینگەکانیش شوێنێکی فراوانیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پشت بە نۆرینگەکان دەبەستن بۆ چارەسەرکردن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نرخیان هەرزانترەو بەدەنگەوە هاتنیان خێراترەو نزیکیشن لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکەوە، نۆرینگەکان دابەشی ناو گەڕەك‌و شوێنە جیاوازەکانی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون.

- بەپێی داتاکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (4230) نۆریگە هەن کە کارمەندی تەندروستی بە هەردوو جۆرەکەی پەیمانگاو زانکۆ بەرێوەی دەبەن، بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان رۆژانە هەر نۆرینگەیەك ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن لەنێوان هەشت بۆ (15)کەسن، کە زۆرینەی نۆرینگەکان ژمارەی سەردانیکەرانیان رۆژانە (10 – 15) کەسە، ئەم راپۆرتە تێکرِا (10) کەسی وەك ژمارەی گشتی سەردانی کردن بۆ هەر نۆرینگەیەك وەرگرتوە، هەروەها برِی ئەو پارەیەی رۆژانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەنۆرینگەکان دەدرێت بەکرێی وەرگرتنی دەرمان یان هەر پێداویستییەکی دیکە لە یەك هەزار دینار تا (15,000) دینارە، لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە (20,000) دینار، بەڵام زۆرینەی هاوڵاتیان کە سەردانی نۆرینەگەکان دەکەن برِی چوار تا (10,000) دینار دەدەن، ئەم راپۆرتە نرخی حەوت هەزار دیناری وەك نرخی تێکرا وەرگرتوە کە زۆرینەی هاووڵاتیان بەو برِە پارەیە خزمەتگوزارییان بەدەست هێناوە، زۆرینەی هەرە زۆری نۆرینگەکان لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ دوا نیوەروان کراوەن، هەندێکیان رۆژانی شەممە بەیانیانیش کراوەن، هەندێکیان رۆژانی هەینیش کراوەن، ئەم راپۆرتە لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ واتا شەممە تا پێنجشەممەی وەرگرتوە، هەروەها لە مانگێکدا (24) رۆژ، کە رۆژانە (42,300) کەس سەردانی نۆرینگەکان دەکەن.

**ساڵانە بە زیاتر لە پێنج سەد ملیار دینار بە تێچووی چارەسەکردن لە نۆرینگەکان خەرج دەکریت**

- لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکەوە دەدرێت بە نۆرینگەکان بەم جۆرەیە:-

- رۆژانە (296,100,000) دوسەدونەوەدوشەش ملیۆن‌و سەد هەزاردینار.
- هەفتانە (1,776,600,000) یەك ملیاروحەوت سەدو حەفتاو شەش ملیۆن‌و شەش سەد هەزار دینار.
- مانگانە (42,638,400,000) چل‌ودوملیارو شەش سەدوسی‌وهەشت ملیۆن‌و چوار سەد هەزار دینار.
- سالآنە (511,660,800,000) پێنج سەدویازدە ملیارو شەش سەدو شەست ملیۆن‌و هەشت سەد هەزار دینار.

کە سالآنە ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بە کرێی چارەسەر لە نۆرینەگەکان بەدۆلارو بەنرخی ئەمرۆی بازار دەکاتە (345,716,000) سێ سەدو چل‌وپێنج ملیۆن‌و حەوتسەدو شازدە هەزار دۆلار.

## شەشەم / بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان:-

بازرگانەکانی دەرمان‌و دەرمانسازان‌و خەڵکی ئاساییش لە هەرێمی کوردستان وا وەسفی ئەم بازرگانیە دەکەن کەلە دوای نەوتەوە بە پلەی دوەم دێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و ئەو کۆمپانیایانەی لەهەرێمی کوردستاندا کاری هاوردەکردنی دەرمان دەکەن خواستی ئەوەیان نیە قەبارەی راستەقینەی نرخی دەرمانی هاوردە کراو ئاشکرا بکەن، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك کەلە سەرەکی ترینیان ئەوەیە کۆمپانیاکانی هاوردەی دەرمان لەلایەن بەرپرسە هەر بالآکانی حیزب‌و دستڕۆیشتوی ناو حکومەتەوە خاوەنداریێتی دەکرێن‌و هەموو دەسەلآتێکی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ شاردنەوەو ئاشکرا نەکردنی ئەو قەبارەیە بۆ رای گشتی، بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەو بارەیەوە ماندوبونێکی زۆرو کاری بنکۆڵیی هەناسە درێژی دەوێت، لە میانی ئامادە کردنی ئەم راپۆرتەدا رێکخراوی ئاران گەیشت بەو زانیاریەی کە قەبارەی نرخی هاوردەکردنی دەرمان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو بوارەوە هاوردە دەکرێت بە ئامانجی فرۆشتنی بە خەڵك مانگانە (100,000,000) سەد ملیۆن دۆلار تێ پەڕ دەکات، ئەمەش لەساڵێکدا دەکاتە (1,200,000,000) یەك ملیارو دوسەد ملیۆن دۆلار، کەئەمەش قەبارەی 25٪ کۆی دەرمانی هاوردەکراوی هەموو عێراقە، کە سالآنە قەبارەی نرخی هاوردەکردنی دەرمان لەعێراقدا دەگاتە (5,000,000,000) پێنج ملیار دۆلار، 100٪ ئەو دەرمانەی کۆمپانیاکان هاوردەی دەکەن لەبازارو بەخەڵك دەفرۆشرێتەوە، چونکە ئەم قەبارەیەی لەسەرەوە باس کرا تەنیا ئەو دەرمانەیە بۆ ساغ کردنەوە لە بازار هاوردە دەکرێت‌و ئەو دەرمانە ناگرێتەوە کە حکومەت بۆ خۆی هاوردەی دەکات یان دەیکرێت، ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانە حکومیەکان دەکەن بەشی هەرە زۆریان لە بازار دەرمان دەکڕن،

نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە حکومیەکان بڕێکی زۆری ئەو دەرمانانەیان دەست ناکەوێت کە بۆیان نوسراوە بۆیە رو لەبازار دەکەن، ئەم دیاردەیە لەلای ئەوانەی نەخۆشی کۆرۆنایان لە سەنتەرەکانی کۆرۆنا هەیە بەگشتی دەبینرێتو دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشانی کۆرۆنا لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا زۆر کەمەو دەبێت خاوەنی نەخۆش لەبازار بۆی بکرێت. بەم پێ یە بە رونی ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە هاوکات خەڵکی هەرێمی کوردستان ساڵانە یەك ملیارو دوسەد ملیۆن دۆلاریش دەدەن بە کرینی دەرمان لەبازار، ئەم برە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەوە باس کرا کە هەر نەخۆشێکی سەردانی کەر بۆ کلینەکە ئێوارەکان بری (25,000) دینار دەدات بە کرینی دەرمانو پێداویستی، ئەوە تەنیا ئەو کەسانە بوون کەسەردانی کلینکە پزیشکیەکان دەکەن، ئەمەی لێرەدا باس دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن ئەو هاوولاَتیانەوە دەکرِدرێت کە سەردانی نەخۆشخانە حکومیەکان دەکەنو چارەسەریان بۆ دەنوسرێتو ناچارن بازار بیکرن، لەساڵی 2020دا سەرە رای ئەوەی رێشوێنی کۆرونا گیرابۆوە بەرو هێشتا حاڵەتی داخستنی شوێنە گشتیەکان هەر مابوون، بەڵام لەهەردوو پارێزگای سلێمانیو دهۆكو لەو ساڵەدا زیاتر لە چوار ملیۆن کەس سەردانی نەخۆشخانە حکومیەکانیان کردوە، بەشی هەرە زۆری ئەوانە ناچاربوون لەبازار دەرمان بکرن کە لەلایەن پزیشکەوە لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆیان نوسراوە.

هاوردەکردنی دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان بێ گرفت نیە، پسپۆرانی بوارەکە باس لەوە دەکەن بەم دواییە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند رێوشوێنێکی گرتۆتە بەر بەتایبەت دوای دانانی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمانو یەك خستنی کۆمپانیاکان تا رادەیەك کوالیتی ئەو دەرمانەی هاوردە دەکرێت باش بوە، بەڵام هێشتا هەر گرفت ماوە، ئەویش ئەوەیە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی هاوردەکردنی دەرمان هی کەسانی دەستڕۆیشتوی ناو حیزبو حکومەتنو حاڵەتی وا هەیە کەسانێك بەپرسیارێتی گەورەیان هەیە لە خاڵەکانی داخڵکردنی دەرمان، لەهەمان کاتدا خاوەندارێتی کۆمپانیای گەورەی هاوردەکرنی دەرمانیش دەکەن، ئەمەش گومانی خستۆتە سەر پرۆسەکەوبەکارهێنانی ئەو پێگانە بۆ بەرژەوەندی تایبەت ئەگەرێکی بەهێزە.

## حەوتەم / دروستکردنی دەرمان لەهەرێمی کوردستان :-

لەهەرێمی کوردستاندا سێ کارگەی دروستکردنی دەرمان هەن، کە دوان لەوانە لەپارێزگای سلێمانیو یەك کارگەش لە پارێزگای هەولێرە، دوان لەکارگەکانی دەرمان لەلایەن هەردوو حیزبی دەستڕۆیشتوی هەرێمەوە خاوەندارێتی دەکرێت لەگەڵ بوونی پشکی چەند سەرمایەدارێك تیایاندا، کۆمپانیایەکیش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت، کۆنترۆڵی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی عێراق لەبەرهەمی کارگەکانی دەرمانی هەرێم رازیەو وەزارەتەکە خۆی کرِیاری دەرمانەکانیانە، بەپێی بەدواداچونەکانی ئاران ئەو کارگانە بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی هندستانو چینو هەندێك جاریش لە وڵاتانی ئەوروپاوە ماددەی

بنەرەتی دەرمان دەهێنن‌و لێرە دەیکەن بەدەرمان، بەدواداچونەکانی ئاران لەم راپۆرتەدا ئەوەی نیشاندا ئەو کۆمپانیایانە تا رادەیەکی باش پابەندی مەرجەکانی گواستنەوەی ماددەی بنەرەتی دەرمانن لە کاتی هاوردەکردنداو گرنگی بەو بوارە دەدەن، ئەم کارگانە جگە لەبازارەکانی هەرێم‌و عێراق دەرمان بە وڵاتی ئوردن‌و ئیمارات‌و دەوترێ بە چەند وڵاتێکی ئەورووپیش دەفرۆشن، بەشێك لەدەرمانسازان‌و شارەزایانی بوارەکە بۆچونیان وایە کە ئەو کارگانە جیاوازی لە کوالیتی ئەو دەرمانانەدا دەکەن کە لەناو هەرێم‌و دەرەوەی هەرێم بەتایبەت دەرەوەی عێراق دەیفرۆشن، ئەم راپۆرتە بەدواداچوونی بۆ ئەو بوارەش کرد، جیاوازیەکە زیاتر لە کارتون‌و مەرجی ئەو وڵاتانە دەرکەوت کەبۆ لەکارتون نانی دەرمان هەیانە نەك خودی چالاکیی دەرمانەکە.

لە وڵاتانی دیکە کارگەکانی دەرمان بۆ تێست کردنی بەرهەمەکانیان جگە لە تێستی تاقیگەیی تێستی مرۆیشی بۆ دەکرێت، واتا کەسانی خۆبەخش لەلایەن تاقیگەکانەوە ئامادەکراون تا دەرمانیان لەسەر تاقی بکرێتەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان‌و کارگەکانی دەرمان کەسانی خۆبەخشیان نیە، بۆیە ناچاربوون سەرەتا لە تاقیگەکانی وڵاتی هندستان ئەو تاقیکردنەوەیە بکەن‌و دواتریش لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی عێراق تاقیکردنەوەکە گواسترایەوە بۆ وڵاتی ئوردن، بەڵام پسپۆرانی بوارەکە وای دەبینن بۆ بابەتێکی هەستیاری وەك دەرمان باشترە لەناو خۆی وڵات ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەگەر چوە وڵاتێکی تر ئەوا ئەگەری ساختەکردن یان شێواندنی ئەنجامەکان ئەگەرێکی بەهێزە.

ململانێ یەکی توندی دور لە پیشەیی لەنێوان ئەم کارگانەشدا هەیە، ئەوانیش هەوڵی شکاندنی یەکتر دەدەن‌و پروپاگەندەی جۆراوجۆر بۆ یەکتر دەکەن بێ ئەوەی خۆیان لەپروپاگەندەکەدا بەشدار ببن، بەڵکو لەپشت پەردەوە قودوە دەرمان بە لۆگۆی یەکتر نیشان دەدەن کە بەبێ مەرج دروستکراوەو مێرو یان شتی دیکەی تێدایە، ئەوان ئامانجیان لەم کارە شکاندنی یەکترە، بەڵام ئەم کارە زیاتر خەڵك دەخاتە بەر دودڵی‌ورارایی‌و ئەوانەی لەو جۆرە دەرمانانەیان وەر گرتوە توشی دڵەراوکێ‌و حاڵەتی دەرونی خراپ دەبن.

## هەشتەم / هێڵی زانیاریەگشتیەکانی ئەم را پۆرتە :-

- ئەو پارەیەی ساڵانە خەڵكی هەرێمی کوردستان دەیدەن بەچارەسەرو کرینی دەرمان‌و نەشتەرگەریی لە دەرەوەی دامەزاروە تەندروستیە حکومیەکان بریتی یە لە (3,155,361,000) سێ مليارو سەدوپەنجاوپێنج مليۆن‌و سێ سەدو شەست‌و یەك هەزار دۆلار، کە بۆ نزیکەی (3000) پزیشك‌و(79) نەخۆشخانەی ئەهلی‌و نزیکەی (4300) نۆرینگەو چەند کۆمپانیایەکی هاوردەی دەرمان‌و سێ کارگەی دروست کردنی دەرمان دەروات.
- لە دە ساڵی رابردوودا خەڵکی هەرێمی کوردستان نزیکەی سی مليار دۆلاريان لەچارەسەر کردنی نەخۆش لە کەرتی تایبەت‌و بازاردا خەرجکردوە.

- داهاتی ساڵانەی بەرپرسانی دەستڕۆیشتوی ناو حیزبو حکومەت ساڵانە زیاترە لە یەك ملیارو پێنجسەد ملیۆن دۆلار.
- لە دە ساڵی رابردوودا حکومەت زیاتر لە حەوت ملیار دۆلاری لە کەرتی گشتی تەندروستیدا خەرجکردوە.
- کەرتی گشتی تەندروستی گەیشتۆتە ئاستێك هیچ هاووڵاتیەك بە ئاسانیو لەماوەیەکی کەمدا خزمەتگوزاری وەك نەشتەرگەریو هاوشێوەکانی بۆ ئەنجام نادرێت.

### ❖ سەرچاوەکانی ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە:-

1. گەڕانو سەردانە مەیدانیەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران.
2. سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان
3. سەندیکای پزیشکانی کوردستان
4. دەزگای ئاماری هەرێمی کوردستان
5. راپۆرتی رێکخراوی نێودەوڵەتی راند لەبارەی بارودۆخی کەرتی تەندروستی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
6. پسپۆرانی تایبەتمەندی سەرجەم بوارەکانی ناو راپۆرتەکە کە وایان بەباش زانیوە لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆیان ناویان نەهێندرێت.
7. ئاماری هەرسێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە پارێزگاکانی سلێمانیو دهۆكو هەڵەبجە.

- سەرجەم داتاکانی ناو ئەم راپۆرتە لەماوەی مانگی نیسانی 2021 تا 15ی مانگی کانونی دوەمی 2022 کۆ کراونەتەوە.
- رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED.

### نۆیەم / خاوەنداریێتی ئەم را پۆرتە :-

- دەزگاکانی راگەیاندن مافی بلاو کردنەوەو بەکار هێنانی کۆی راپۆرتەکە یان بەشێك لە زانیاریەکانی راپۆرتەکەیان هەیە بەو مەرجەی ناوی رێکخراوی ئاران وەك خاوەنی راپۆرتەکە بهێنن.

- ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییو نێودەوڵەتیەکانو سەندیکاکانو دامەزراوە حکومیەکان بۆ بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە پێویستیان بەوەرگرتنی ڕەزامەندی ڕێکخراوی ئاران هەیە.
- توێژەرانو قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان یان قوناغەکانی دیکەی خوێندن مافی بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتەیان هەیە، تەنیا بەو مەرجەی ڕێکخراوی ئاران ئاگادار بکەنەوە، ئەویش لە پێناو زیاتر هاوکاری کردنیانو پێدانی بەرچاو رونی زیاتر.

**ستافی ئامادەکار**

**بەرێوەبەری پرۆژە**

**هەژار وهاب عوسمان**

**بەرپرسی پەیوەندیوهەماهەنگی**

ئاسۆ محمد مستەفا

**بەرپرسی دارایی**

نیزام نازم عبدل

**تیمی ئامادەکار لە پارێزگای سلێمانی**

هاوژین یاسین محمد سەرۆکی تیم

بەختیار رحیم محمد ئەندامی تیم

سیڤان عمر ئەندامی تیم

**تیمی ئامادەکار لە پارێزگای هەولێر**

ئاری سابیر حەویز سەرۆکی تیم

گلێنە قوباد ئەندامی تیم

پەشێو حەوێز ئەندامی تیم.

**دیزاینی راپۆرت**

شوان رحیم

**دیزاینی بەرگ**

د.ئەکرەم فەرەیدون

www.aranngo.org aranngo12@gmail.com